حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٥٨٢٨
ڕێکەوت : / پوشپەڕ / ٢٧٢٥ کوردی

العدد :
التأريخ : ١٥/ ٧ /٢٠٢٥

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (٤)ی ساڵی/ ٢٠٢٥

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨١) لە (٢٠٢٥/٦/٤) بە نووسراویان ژمارە (٧٣٤٢) لە (٢٠٢٥/٦/٢٢) و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٣٣) لە (٢٠٢٥/٧/١) تایبەت بە **(لێخۆشبوونی پێشینەی هاوسەرگیری لە کچ و کوڕی شەهیدان و خودی زیندانی کراوی سیاسی و گیراوی سیاسی)** بڕیاردرا بە:-

**یەکەم/** لێخۆشبوونی کوڕ و کچی شەهیدان لە بڕی پارەی ماوەی پێشینەی هاوسەرگیری کە لە ساڵانی پێشووتردا وەریانگرتووە و تەنها بۆ ئەوانەیە کە سوودمەند نەبوون لە وەرگرتنی بەخشش **(منحة)**ی هاوسەرگیری هاتوو لە **(ماددەی حەوتەم/بڕگەی دووەم/١)** لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی/٢٠٠٧ **(یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان - عێراق)** هەموارکراو.

**دووەم/** بڕگەی **(یەکەم)**ی سەرەوە خودی زیندانی کراوی سیاسی و گیراوی سیاسی دەگرێتەوە بەهەمان لێخۆشبوون بەمەرجێک ئەوانیش سوودمەند نەبووبن لە وەرگرتنی بەخشش **(منحة)**ی هاوسەرگیری هاتوو لە **(ماددەی شەشەم/بڕگەی حەوتەم) لە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی/٢٠١١ (یاسای زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی)** هەموارکراو.

**سێیەم/** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی **(وقایعی کوردستان)** بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**
/ ٧ / ٢٠٢٥

ناونیشان- هەولێر- ٦٠م -تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
العنوان-اربيل -٦٠م- بجانب البرلمان
ژ.تەلەفۆن : ٠٦٦٢٢٣٤٧٤١
Address-Erbil-60m-Beside Parliment
www.gov.kurd